بافڵ تاڵەبانی: ئامادەن هاوکاری کەمپانیا سعودییەکان بکەن بۆ ئاوەی لە هەرمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن



بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەمیانی پێشوازیکردنی لە عەبدولعەزیز شەمری، باڵیۆزی سعودیە لە عێراق رایگەیاند، ئامادەن هاوکاری کەمپانیا سعودییەکان بکەن بۆ ئاوەی لە هەرمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن.

بەگوێرەی راگەیندراوێکی نووسینگەی رۆژنامەوانیی سەرکی یەکێتی، لەکۆبوونەوەکەدا، بافڵ جەلال تاڵەبانی پێرۆشی حیزبەکەی بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتری وەبەرهێنان بۆ کەمپانیا سعودییەکان پیشاندا و لەو بارەیەوە گوتویەتی" ئامادەین هەموو ئاسانکارییەک پێشکەشی کەمپانیا و سەرمایەدارانی سعودیە بکەن تاوەکو لە بووژاندنەوەی زیاتری ئابووریی هەرمی کوردستان ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن و کارکانیان ببنە هۆی ڕەخساندنی هەڵی کار".

هەر بەگوێرەی راگەیندراوەکە، دەخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەوەرکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو و هەردوولا جەختیان لە یەکخستنی هەوڵەکان بۆ دوورخستنەوەی ناوچەکە لە گرژیی کردووتەوە.